# هەرکەسێک ترسا لەوەی کە کۆتایی شەو خەبەری نەبێتەوە؛ ئەوا با لەسەرەتای شەوەوە نوێژی ویتر ئەنجامبدات، وهەرکەسێک ئارەزووی ئەوەی هەبوو شەونوێژ لە کە کۆتایی شەو ئەنجامبدات؛ ئەوا با لە کۆتایی شەو نوێژی ویتر ئەنجامبدات، چونکە نوێژکردن لە کۆتایی شەو دەبێتە شاهێدی لەسەر دەدرێت، ولەو کاتەدا ئەنجامی بدات باشتر وچاکترە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک ترسا لەوەی کە کۆتایی شەو خەبەری نەبێتەوە؛ ئەوا با لەسەرەتای شەوەوە نوێژی ویتر ئەنجامبدات، وهەرکەسێک ئارەزووی ئەوەی هەبوو شەونوێژ لە کە کۆتایی شەو ئەنجامبدات؛ ئەوا با لە کۆتایی شەو نوێژی ویتر ئەنجامبدات، بە دڵنیاییەوە نوێژکردن لە کۆتایی شەو شاهێدی لەسەر دەدرێت (لە لایەن فریشتەکانەوە)، ولەو کاتەدا ئەنجامی بدات باشتر وچاکترە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە ئەنجامدانی نوێژی ویتر لە سەرەتای شەودا دروستە وجائیزە، وبە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە دەترسن لە کۆتایی شەودا خەبەریان نەبێتەوە بۆ ئەنجامدانی شەونوێژ، وهەروەها فەزڵی وپاداشتی نوێژکردن لە کۆتا بەشی شەودا ڕوونەدەکاتەوە وبە تایبەتیش لە سێیەکی کۆتاییدا چونکە لەم کاتەدا فریشتەکان ئامادەی دەبن وشاهێدی لەسەر دەدەن بۆ ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11278